بڕۆبڕایەتی چاکسازی گۆرانی هەولێر ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە



بڕۆبڕایەتی چاکسازی گۆرانی هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا وێنای ڕاگەیاندنی پرس و سەرخۆشی لە بنەماڵەی سزادراوی کێچکردوو (ئەسعەد حوسێن ئەحمەد)، هاوکات ڕایدەگەیەنێت، سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پەیج و دەزگا ڕاگەیاندنانە تۆمار دەکەن کە بە ناوی بنەماڵەی کێچکردووەوە هەواڵی ناڕاست لە بارەی مردنی ناوبراوەوە بڵاو دەکەنەوە و هەوڵی ناوزڕاندنی بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو دەدەن.

ئەمڕۆ (شەممە 13ـی نیسانی 2024) بڕۆبڕایەتی چاکسازی گۆرانی هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا پرس و سەرخۆشی لە بنەماڵەی سزادراوی کێچکردوو (ئەسعەد حوسێن ئەحمەد) کردووە و ڕوونی کردووەتەوە، کە ناوبراو ماوەی 22 ساڵە بە دوو ماددەی یاسایی (406) و (169) بە ماوەی سزای سێدارە + پێنج ساڵ و یەك مانگ زیندانی سزا درابوو، نەخۆشی شێرپەنجەی هەبووە و کاریگەری لەسەر گورچیلەکانی دروست کردبوو و لە ڕۆژگەی تیمکانیانەوە هەفتانە دوو جار ڕۆژانەی نەخۆشخانە دەکرا و شووشتنی گورچیلەی بە دەکرا، کە هاوکات هەموو خزمەتگوزارییەکی تەندروستی پێشکێش دەکرا، بەڵام مردن لە دەست خوایە و خوای گەورە ئەمانەتەکەی لە

وەرگرتووەتەوە.

بۆبڕایەتی چاکسازی گۆرانی هەوڵەر هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە، بە پای گشتی پایدەگەیەنن کە سەرلەبەری ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە کێچکردوو لە هەندێک لە پێیج و دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کراوەتەوە، لە ڕاستییەوە دوورن و وەک بۆبڕایەتییەکەیان سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پێیج و دەزگایەنە تۆمار دەکەن کە ئەم هەواڵە ناڕاستیان بە ناوی بنەماڵەی کێچکردوو بڵاو کردووەتەوە و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست هەوڵی ناوزڕاندنی بۆبڕایەتیەکەیان دەدەن.